بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**بڕیاری ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٨**
**بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق گەلی کورد لە عێراق کراون بەتاوانی کۆمەڵ کوژی ( جینۆساید ) و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ١٤ /٢٠٠٨/٤ بریارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨
## بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق گەلی کورد لە عێراق کراون بەتاوانی کۆمەڵ کوژی ( جینۆساید) و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ

مافی کوردە وەکو هەموو میللەتانی سەر زەوی، بە شکۆمەندی و ئاشتی و ئارامی بژیت و وەکو گشت ئەو نەتەوانەش کە بە مافە رەواکانی خۆیان گەیشتوون، ئەمیش مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت.

لە کاتێکدا زۆربەی نەتەوەو میللەتان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە ژێر چەپۆکی ئیمپریالیزم و داگیرکەران رزگاریان بوو و بەپێی بەندەکانی((٦٢،٦٣،٦٤))ی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی (١٩٢٠)یش دان بە هەندێك لە مافەکانی میللەتی کورد دانرا. بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە خۆی لە وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا دەبینییەوە لەبەر وە دیهێنانی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆیان و دابەشبوونی دەسەڵاتیان بەپێی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی( ١٩٢٣)لە باریان برد و، کوردستانی باشوور ( ویلایەتی موسڵ) ساڵی ( ١٩٢٥ )بە عێراقەوە لکێنرا، کاتێکیش عێراق لە ساڵی(١٩٣٢)لە کۆمەڵەی میللەتاندا وەرگیرا، ئەو وەرگرتنە بە مەرجی پابەند بوونی عێراق بەو ئیلتیزاماتانەی کە کۆمەڵەی میللەتان داینابوو هەڵپەسێردرا ، لەوانەش: رێزگرتنی عێراق لە مافە مرۆیی و رۆشنبیری و کارگێرییەکانی کورد و ئەو کەمە نەتەوەییانەی کە

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

له ویلایەتی موسڵ و ئەربیل و کەرکووك و سلێمانی نیشتەجێ بوون و، ئەو پابەندییانە وەك خۆیان مانەوە تا بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی میللەتان لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان گوێزرایەوە، بەڵام حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان دانیان بەو مافانەدا نەناو سیاسەتی سەرکوت کردن و چەوساندنەوەو راگواستنی زۆرە ملێ و جۆرەها کاری نا مرۆڤانەی دژی میللەتی کورد پەیرەو کرد، تا لە سەردەمە تاریکەکانی رژێمی بەعسی لە ناوچوودا گەیشتە ترۆپك و گەورەترین تاوانی لە دژی مافەکانی مرۆڤــ بە کارهێنا و هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی گەلی کوردستان لە تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەن لێی رزگار نەبوون و، هەموو پێگەو پایەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەبەر چاوو گوێی جیهان بەکارهێنا بەبێ ئەوەی جووله بکەن، بەڵکو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە نێو بێ دەنگییەکی مەترسیدار و گوماناوییدا مایەوە. ئەمەش وای کرد رژێم لەو سیاسەتە داپڵۆسێنەرەی بەردەوام بێت، تا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەهاری ساڵی١٩٩١ بە دەنگ بانگەوازی ڕای جیهانی گشتی و رابوونی ویژدانەوە لە بەرامبەر سەرکوتکردنی ئەو رژێمە بۆ راپەرینی گەلی کوردستانی عێراق هات، کە ناچاری کرد نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێت و کۆرەوێکی ملیۆنی بەرەو سنووری وڵاتانی دراوسێ لە ژێر تۆپباران و بۆردوومانی فرۆکە بۆ سەر شارە ئارامەکانی دەست پێکرد و دەزگاکانی راگەیاندن وێنەی کارەساتی دەیان هەزار کوردی کۆچکردووی بڵاوکردەوە، ئەمەش وایکرد ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارە مێژووییەکەی بە ژمارە(٦٨٨) دەربکات، بۆ ئەوەی سەرکوتکردنی گەلی کوردستان و گەلی عێراق بە گشتی رابگیرێت و ، ئەمەش رێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی وڵاتە سەرکەوتووەکان لە جەنگی کەنداوی ١٩٩١ بڕیار بدەن و ناوچەی کوردستان بە ناوچەیەکی ئارام رابگەیەنن و، رادەیەك بۆ سیاسەتی رژێمی دیکتاتۆری لە ناوچوو دابنێن کە سێ دەیەی خایاند و سیاسەتی رەگەز پەرستی و شۆڤێنیەتی و گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دژی گەلی کوردستان بەکارهێنا کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

یەکەم:دوورخستنەوەی سەدان هەزار لە کوردە فەیلیەکان بۆ دەرەوەی عێراق لەماوەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دوای لێسەندنەوەی هەموو بەڵگەنامە یاساییەکانیان کە عێراقێتیانی دەسەلماند، و دابڕینی پتر لە پازدە هەزار لاو لە خێزانەکانیان و بردنیان بۆ چارەنووسێکی نادیار، کە لەدواجار بەڵگەنامەکان ئەوەیان بەدیارخست کە ئەوانە وەکو نموونەیەك بەکارهاتن بۆ تاقی کردنەوەی چەکی کیمیاویی.

دووەم: ڕەوانەکردنی پتر لە هەشت هەزار بارزانی بێ چەك لە ماوەی ساڵی ١٩٨٣ بۆ شوێنێکی نادیار، وهیچ شوێنەوارێکیان لێ بەدەست نەهات، تا دوای ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری، کە پاشان تواندرا ئێسك و پروسکی ژمارەیەکی زۆریان لەچەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە شوێنە هەمەجۆرەکانی عێراق دەربهێنرێت.

سێیەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ دژ بەدانیشتوانی مەدەنی پتر لە هەشتا گوندو شوێن لە کوردستانی عێراق کە گرینگترینیان ناوچەکانی دۆڵی بالیسان و مەلەکان و بادینان و گەرمیان بوون.

چوارەم: لەناو بردنی پتر لە (١٨٢٠٠٠) سەد وهەشتا و دووهەزار هاووڵاتی مەدەنی لەماوەی هەڵمەتە سەربازییە بەدناوەکان کە بەهەڵمەتەکانی ئەنفال ناونران و لە گۆری بەکۆمەڵ لەباشووری عێراقدا زیندە بەچاڵ کران.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

پێنجەم: بوردومانکردنی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ بەچەکی کیمیاویی کە پتر لە پێنج هەزار شەهیدی لێکەوتەوە و هەزارانی دیکەیان تووشی پەککەوتەیی و نەخۆشی ترسناك بوونەوە و تا ئێستاش لە دایکبووانی ئەو شارە بەدەست نەخۆشی و تەشەوهـاتی خوڵقیەوە دەناڵـــن.

شەشەم:ڕاگەیاندنی بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستانی عێراق بەناوچەی سەربازی حەرامکراوو قەدەغەکراو لە نیشتەجێبوون و ژیان تێیداو یان لە هاتووچۆکردن تێیانداو، هەزاران هاووڵاتی لەوانەی ئامادە نەبوون چۆڵی بکەن بەئامانجی سەربازی بۆ کوشتن بەرەوا دانران وئەوەی بەزیندوویش دەستگیری دەکردن بەبێ دادگایی کردن لەسێدارەی دەدان.

حەوتەم: لە سێدارەدانی هەرکەسێك لەبوردمانی کیمیاویی رزگاری بووبێ و ڕووی کردبێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت بۆ خۆپاراستن یان چووبێتە نەخۆشخانەکانی بۆ چارەسەرکردن.

هەشتەم: سووتان و رووخاندن و نەهێشتنی پتر لە چوار هەزارو پێنج سەد گوندو شارۆچکە بە مزگەوت و کلێساکانیانەوە و راگواستنی دانیشتوانیان وداماڵینیان لە سامانەکانیان ونیشتەجێ کردنیان بە زۆرەملێ لە کۆمەڵگاکان وقەدەغە کردنیان لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونیان.

نۆیەم: گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی هاووڵاتیانی کوردستان – عێراق بە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانیان بە ( کورد وتورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەنییەوە ).

دەیەم:گۆڕینی واقیعی دیموگرافی کوردستانی عێراق بەراگواستنی هاووڵاتیە رەسەنەکانی بەجۆرەها بەهانەو نیشتەجێکردنی خەڵکی دیکە لەشوێنیان .

یازدەم:کێشانەوەی ئیدارەکانی حکومەت لەکوردستان لەساڵی ١٩٩١ وبێ بەشکردنیان لەخزمەتگوزارییەکانی حکومەت.

دوازدەم: سەپاندنی ئابلووقەی ئابووری لەسەر کوردستان وکۆتکردنی هاتووچۆی دانیشتوان تێیدا و بۆیدا.

بە پێی بڕیاری داداگای گەورەتاوانی بالاَی عێراقی ژمارە ( ١/ج٢/ ٢٠٠٦) لە (٢٠٠٧/٦/٢٤ )کە بەپێی یاسای دادگای گەورەتاوانی باڵای عێراقی ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٥ پێکهات، دەرکەوت کە ئەم گەلە تووشی لەناو بردنی بە کۆمەڵ (جینۆساید) بووەو ئەمەی خوارەوە لە بڕیارەکەیدا هاتووە:

١. دانانی تاوانی قەسابخانەکانی ئەنفال ( پرۆسەکانی ئەنفال) بە تاوانی کۆمەڵکوژی( جینۆساید) و بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی وتاوانی جەنگ دەرهەق بەرۆڵەکانی نەتەوەی کورد و ئەم تۆمەتبارانە تاوانبار کران :–

أ . عەلی حەسەن مەجید.

ب . سوڵتان هاشم ئەحمەد.

ج . حوسێن رەشید تکریتی .

هـ .صابر عبد العزیز الدوری.

د . فەرحان موتەلەك ئەلجبوری.

حوکمدرانی لەلەسێدارە دان تاکو مردن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

٢. دەرکردنی حوکم بە ئازادکردنی تۆمەتبار تاهیر تۆفیق ئەلعانی لەبەر تەواو نەبوونی بەڵگە یاساییەکان لەدژی .

٣- کردنەوەی دۆزێکی سەربەخۆ دەرهەق بە(٤٢٣)تۆمەتباری دیکە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا ناوەکانیان هاتبوو و، لەتۆمەتبار وەفیق عەجیل ئەلسامەرائی دەست پێدەکات بەتۆمەتبار محەمەد سەعید ئەحمەد هارونی کۆتایی پێدێت.

٤- داواکارانی مافی مەدەنی مافی ئەوەیان بۆ پارێزراوە کە بگەڕێنەوە بۆ دادگاکانی مەدەنی تایبەتمەند بۆ داواکردنی قەرەبۆکردنەوە سەبارەت بەو زیانانەی کەلەمیانەی ئەو تاوانانەوە پێیان گەیشتووە.

لە ڕێکەوتی(٢٠٠٧/٧/٢٤)دەستەی پێداچوونەوەی دادگـــــای تاوانی باڵای عێراق،هەردوو بڕیاری تاوانبارکردن وحوکم کردنی کە لە دۆزەکەوە دەرکـــــراوە پەسندکرد و بڕیـــــارەکە بەڵگەنامەی فەرمانی حوکمپێدراوی تێدا وەرگرت.

لەبەر ئەمە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق وبە پێی بەرپرسیاریەتییە دەستووری و یاسایی و سیاسییەکانی، داوا دەکات کە پێویستە مامەلە لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا بکرێت کە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکە دیکتاتۆریەکان دژ بە گەلی کوردستان پەیڕەوکراوە و ئەوتاوانانەی دەرهەقی ئەنجامدراون، بەو ناوەی کە شایانییەتی بە پێی بەڵگەنامەو ئەو بڕیارانەی کە لەگەڵ گەورەیی و مەترسیەکانی دەگونجێت بۆ وەدیهێنانی دادپەروەری ومسۆگەرکردنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو تاوانە ئاماژە بۆ کراوانەو بۆ ئەوەی لە یادوەری نەوەکانی داهاتوودا بمێنێتەوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:-

یەکەم: کردەوەکانی ئەنفال وبەکارهێنانی چەکی کیمیاویی کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامدراوە، تاوانی کۆمەڵکوژی(جینۆساید)ن بۆیە ڕۆژی چواردەم لەمانگی نیسانی هەموو ساڵێك(٤/١٤) بەڕۆژی بەرزراگرتنی یادەوەری کارەساتی کردەوەکانی ئەنفال دەرهەق بەگەلی کوردستان-عێراق دەستنیشان دەکرێ.

دووەم: داواکردن لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانی کەهاتووەتە سەری بەپێی بڕیاری دادگای تاوانی باڵای عێراقی ژمارە(١/ج٢/٢٠٠٦)لە٢٠٠٧/٦/٢٤ وبڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەدانیشتنی ئاسایی نۆیەمی لە(٢٠٠٨/٤/١٤)وەرگیراوە، چونکە ئەوەی کە گەلی کورد لەکوردستانی عێراق دووچاری بووە لە سەربڕین و کۆمەڵکوژی بە هەموو پێوانەکان کۆمەڵکوژی(جینۆساید) بووە.

سێیەم: داواکردن لە حکومەتی فیدراڵ پشتگیری ئەم بابەتە بکات و بەرێگاکانی دبلۆماسی لە گۆرەپانەکانی نێودەوڵەتی و بە تایبەتیش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دیکە لەوانەش یەکێتی ئەورویا وپەرلەمانی ئەورووپاو کۆنگرەی ئیسلامی و کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبیەکان و یەکێتی پەرلەمانەکانی نێودەوڵەتی بیورووژێنێ، و بە هەموو توانای خۆی هەوڵبدات بۆ ئەوەی ئەو لایەنە هەمان هەڵوێست لەسەر پێناسەکردنی تاوانەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە تاوانەکانی جەنگ وتاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی(جینۆساید)، وەربگرن کە بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە(٢٦٠ أ) (د-٣) لە١٠/کانونی یەکەم(دیسمبر)١٩٤٨

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

وەرگیراوە و، بڕیاری دادگای تاوان و بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠٠٨/٤/١٤) بۆ سەر زمانەزیندووەکانی جیهانی وەربگێڕدرێت و بەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هەموو دەوڵەتانی جیهاندا دابەش بکرێ.

چوارەم: داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وحکومەتی فیدراڵ بکرێت بۆ پەلە کردن لە دەرکردنی یاسایەك بۆ قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتووانی لە کۆمەڵکوژی بە تایبەتی زیندووەکانی خاوەن قوربانییەکان و قەرەبوکردنەوەی تاك و ناوچە زەرەرمەندەکان لە ئەنجامی ئەو تاوانانەو بەشداریکردنی کاریگەرانە لە دووبارە بنیاتنانەوەیان و پەرەپێدانیان،و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆی.

پێنجەم: داوا لەحکومەتی فیدراڵی وحکومەتی هەرێم بکرێ کەدەست پێشخەری لە تۆمارکردنی داوا لە دژی دەوڵەت و کۆمپانیاو لایەن و ئەو کەسانەی چەکی قەدەغەکراو و کالای دروستکردنی و کەرەستە و پاشکۆکانیان بەرژێمی بەسەرچوو داوە یان نێوانکاری وئاسانکاری بەدەستهێنانیان بۆی کردووە تاکو بەپێی یاسا ڕاوەدوویان بکرێ، ئەمەش بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری دادگای تاوانی بالای عێراق و داوای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان بکرێ.

شەشەم: سیاسەتی کۆمەڵکوژی(جینۆساید) کە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە هەمە جۆرەکانی لە کوردی فەیلی و ئێزیدییەکان گرتەوە، کە (٤٠٠٠)چوار هەزار کەس لە ئێزیدیەکان کوژران و هەروەها لە تورکمان و کلدان و ئاشووریو ئەرمەنی، ئەوەی دوچاریان هات لە ڕاگواستن و تواندنەوەی نەتەوەیی، لەوانەش گۆڕانکاری دیموگرافی لە ناوچەکانیاندا.

بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق جارێکی دیکە داوا لە حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات شوێنەواری ئەو سیاسەتانە نەهێڵن. لەوانەش پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)لە دەستووری عێراق و گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکان لە کوردە فەیلیەکان وگەڕاندنەوەی سامانەکانیان و قەرەبۆکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە و لابردنی کۆسپەکانی بەردەم دەسپێکردنەوەی ژیانی ئاسایی جارانیان و گەراندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان.

حەوتەم: داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ پتر بایەخ بەو ناوچانە بدات کە بەر ئەنفال کەوتوون وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆیان و دامەزراندنەوەی ژێرخانیان.

هەشتەم: پێویستە حکومەتی هەرێم سەنتەرێکی گشتی و یەکگرتوو بۆ بە بەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی تایبەت بە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی کەدژ بە گەلی کوردستان ئەنجامدراوە دابمەزرێنێ و هۆشیارکردنەوەو وەبیرهێنانەوەی ڕۆلەکانی کوردستان بەو تاوانانە و بەسەر هاتەکانی ئەو گەلە لە نەهامەتییەکانی و دروستکردنی پردێك لەنێوان ئەم نەوەیە و نەوەکانی داهاتوو و پەرپێدانی بابەتەکانی خوێندن لە پرۆگرامی قوتابخانەکان لەم بارەیەوە.

نۆیەم: ڕێکخستن وبەبەڵگەکردنی پرۆسەکانی گەڕان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان و کارکردن بۆ گواستنەوەی هێسك و پروسکی قوربانیەکان بۆ ناوچەکانیان و شاردنەوەیان لە گۆڕستانی تایبەتی بۆ ئەوەی ببێتە نیشانەی مێژوویی دیار لەسەر ڕادەی بایەخدانی ئەم گەلە بەرێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی شەهیدەکانی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

له كاتێكدا ئەنجومەن جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە ئەو تاوانانەی سەرەوە بەفاكتەری كات بەسەر ناچێ و ناسڕێتەوە، چونكە لە تاوانەكانی كۆمەڵكوژین، كە بەپێی یاســــای نێودەوڵەتی تاوانی ترســــناكن و جیهانی شارســــــتانی مەحكومی دەكەن، بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق جەخت دەكات و دەستخۆشی لە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەكات كە لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە ٩ لە (٢٠٠٨/٤/١٤)وەری گرتووە كە لەدەقەكەیدا هاتووە:

( لەژێررۆشنایی ئەوەی دەستووری عێراق لە پێشەكییەكەیدا ئاماژەی بۆ كردووە، كە ئەو دەستوورە دەنگ وسەدای ئازارەكانی گەلی عێراقە لەوانەش ئازارەكانی سەركوتكردنی نەتەوەیی لە قەسابخانەكانی هەڵەبجە و بـــــــارزان و ئەنفالكردنی كــــــوردە فەیلییەكان و لە هەمان كاتدا دووپاتكردنەوەی بڕیاری دادگای تاوانی باڵای عێراقی تایبەت، دەربارەی گونجاندنی ئەو ڕووداوانەی كە شان بەشانی كردەوەكانی ئەنفالە بەدناوەكان بەرێوەبوو كە تاوانی كۆمەڵكوژین، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیار دەدات ئەوەی گەلی كورد لەكوردستانی عێراق دووچاری بوو سیاسەتی سەركوت كردن وچەوسانەوەوەو تاوانە، ئەم بڕیارە وێنەو ڕووداوەكانی خستەڕوو كە تاوانی كومەڵكوژین بە هەموو پێوەرەكان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین ).

دەیەم: پێویســـتە لەســـەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان كار بۆ جێبەجێ كردنی ئەوەی لەم بڕیارەدا هاتووە بكەن.

**مسعود بارزانی**
***سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق***

ئەم بڕیارە لە ١٢ی جۆزەردان ٢٧٠٨ی كوردی بەرامبەر ٢٨ی جمادی یەكەم ١٤٢٩ی كۆچی و بەرامبەر ٢ی حوزەیرانی٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com